یەکێتی زانایان داوا لە هاوڵاتیان دەکات لە سەیرانەکانی بەهاردا پارێزگاری لە ژینگە بکەن

www.zanayan.org

پەیام

الرسالة

پەیام کۆن نابێت

بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆزو بەهارو سەرۆی ساڵی کوردی، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی لەسەرجەم گەلی کورد دەکاتو، دەخوازێت ساڵی نوێی کوردی ببێتە هەوێنی برایەتیو تەبایی و پێکەوەژیان، بۆ ئەوەی بارودۆخی کوردستان بەبرایەتیو خۆشەویستیو چاکسازی هێور ببێتەوە.

هەروەها یەکێتی زانایان داوا لەهاوڵاتیان دەکات لەکاتی دەرچوونەکانی بەهارو سەیران پارێزگاری لەخاوێنی ژینگە بکەن، بۆ ئەوەی شوێنە گشتییەکان پیس نەکرێنو، هەروەها دارو بارو گیاو گوڵو گەنمو دەغڵو دانی هاوڵاتییانیش باپرێزن، چونکە پارێزگاریکردن لەژینگەو خاوێنراگرتنی نیشانەی دڵسۆزی دینداران و نیشتیمانیانەو مرۆڤانەیە.

رۆژنامەیەکی رۆشنبیری ئایینیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دوو هەفتە جارێك دەری دەکات

ژمارە (٦٩) یەك شەممە ٢٩ی رەبیعی دووەم / ١٤٣٢ ١٤ی نەورۆزی ٢٧١١ ٢٠١١/٤/٣

یەکێتی زانایان داوا لە ئەنجومەنی وەزیران دەکات مووچەی مامۆستایانی ئایینی زیاد بکەن

یەکێتی زانایان داوا لە حکومەت دەکات زەوی بە مامۆستایانی ئایینی بدرێت

لەبەردەوامی هەوڵەکانی یەکێتی زانایان بۆ خزمەتی مامۆستایانی ئایینیو باشتر کردنی ژیانو گوزەرانیان، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان بەنووسراوێك داوا لەحکومەتی هەرێم دەکات زەوی بداتە هەموو ئەو مامۆستا ئایینیانەی تائێستا زەویان وەرنەگرتووە.

بەپێی نوسراوێکی فەرمی، کە بەژمارە (١٤٢)و لەرۆژی ٢٠١١/٣/٢٩ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرز کراوەتەوە، یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوا کردووە، کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی دەربکات بۆ پێدانی پارچە زەوی نیشتەجێ بوون بۆ هەموو ئەو وتاربێژو پێش نوێژانەی تائێستا سوودمەند نەبوونەو زەویان وەرنەگرتووە.

لەبەشێکی نوسراوەکەدا هاتووە: تکامان وایە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی بفەرموون بەبەخشینی زەوی بەو (پێش نوێژو وتارخوێن)انەی کە سوودمەند نەبوونە هاوشێوەی فەرمانبەرانی ترو بەپێی رێنماییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

بەنووسراوێکی رەسمی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان داوا لەئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم دەکات، مووچەی مامۆستایانی ئایینی زیاد بکرێت.

لەنووسراوەکەدا هاتووە: زانایانی ئایینی بەپێشەی (پێشنوێژو وتارخوێن)و (پێشنوێژ) ئەرکێکی گرنگیان لەسەر شانەو، هەر یەکەو لەمزگەوتی خۆیان وێڕای ئەرکە ئایینیەکەی خۆیان سەرپەرشتی فەرمانبەرانو کاروباری مزگەوت دەکەنو، تائێستا دەرماڵەی (پایە)یان بۆ سەرف نەکراوە.

لەنوسراوەکەدا یەکێتی زانایان داوا دەکات بەرێژەی (٢٠٪) بۆ پێشنوێژو وتارخوێنانو، (١٥٪) بۆ پێشنوێژان زیاد بکرێت، ئەوەش بەپێی رێنمایی ژمارە (٢١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی وەزارەتی دارایی و ئابووری (بڕگەی دەرماڵەکان). لەو بارەوە راپۆرتێك لە ل٣ بخوێنەوە.

داکشانی پرۆسەی هاوسەرگیری لەنێوان بەربەستەکان و چارەسەریدا..ل»٦

ئایا کەلوەکان ڕاستن ؟..ل»٧

لقی هەولێری یەکێتی زانایان لەئاست هیچ مامۆستایەکی ئایینی بێ هەڵوێستە نەبووە

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

سێ مامۆستای ئایینی سنووری لقەکەمان لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا رایانگەیاند، کە ئەوان لەوتاری هەینی لادراونو، هەرەشەشیان لێکراوە ئەگەر بچنەوە سەر وتاردان، ئەوەی بۆ ئێمە مایەی سەرنجو تێبینی بوو، گلەییان لەیەکێتی زانایان کرد، گوایە بێدەنگ بوونە لەبەرامبەر ئەم کاردا.

ئێمە بەراستی نیگەرانین، کە مامۆستای ئایینی ئەمجۆرە لێدوانانە بداتو، لە هەمبەر راستییەکان ئەم هەڵوێستەی هەبێت.

بۆ بەرچاوی هاوڵاتیانی کوردستان وەك لقی هەولێری یەکێتی زانایان بە هەموو لایەکی رادەگەیەنین، کە ئەو سێ مامۆستایە، دوای ئەوەی ئەو رووداوەیان بەسەر هاتووە، تاکو ئێستاکەش سەردانی ئێمەیان نەکردووەو، بەبێ ئەوەی بێنە سەردانی لقەکەمان یان سەردانی مەکتەبی تەنفیزی بکەن، ئێمە راستەوخۆ تەدەخولمان کردووەو، بەرپرسی لق خۆی پەیوەندی بە مەلا عەلی هەرتەلی کردو، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ئەوقافیان کردووە، هەروەها مەلا مەریوان لەکەسنەزان بەهەمان شێوە، بەرپرسی لقی هەولێرو ستافەکەی، هەروەها خودی سەرۆکی زانایان چەندین سەردانو هەڵوێستی توندی مەیدانیان نواندووە، بەڵام بەڕوونی بەشێك لە هاوڵاتیانی مزگەوتی کەسنەزان رازی نین وتاریان بۆ بخوێنێتەوە، هەر ئەوەش بووە رێگر، کە بتوانێن کاری پتر بکەین، هەروەها بەنیسبەت مەلا سامانیش لەمەخمور، ئەو هەرچەندە کارمەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە، بەڵکو کارمەندی موسڵە، بەڵام لەو کارەو لە چەندین کاری پێشتریش ئێمە پشتیوانی زۆرمان لێی کردووە.

بەکورتی یەکێتی زانایان وێرای چەندین کۆسپ، چەندین هەڵوێستی مەیدانی هەبووە، کە تەنها لەبەر پاراستنی سومعەی ئەو مامۆستایانە تەواوی ماندوبوونەکەمان باس ناکەین، چونکە ئەرکی خۆمان بەجێگەیاندووە، بەڵام ئەو مامۆستایانەش دەبوو

بۆ ل١

قورئان دەسووتێو جیهانی ئیسلامیش بێ هەڵوێستە

ماوەی چەند مانگێك بەر لەئێستا قەشە جۆنز لەئەمریکا هەرەشەی سووتاندنی قورئانی کرد، لەبەرامبەردا وێرای خۆپیشاندان دەنگی ناڕەزایی ناو مزگەوتو سەر شاشەی تەلەفزیۆنو رادیۆو رۆژنامەکانی گرتەوە. کەچی ئەمجارەیان بەسەرپەرشتی هەمان قەشە کارەکە ئەنجامدراو، قورئانی پیرۆز لەو کەنیسەی ئەمریکا سووتاندرا، ئەوەش دوای ئەوەی بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەناو بەنزین هێشتییانەوە، بەڵام بەداخەوە لەڕاگەیاندنەکان هیچ گرنگیان پێی نەدا، لەکوردستانیش لەناو ئەو هەموو کەناڵە ئاسمانیو رادیۆو تیڤییەو رۆژنامەو گۆڤارانە زۆر بەبێ دەنگی تێپەری وەك ئەوەی سووتاندنی قورئان ئەمجارە کارێکی ئاسایی بێت، ئەوە لەکاتێکدایە لەوڵاتێکی وەك پاکستان دەنگی ناڕەزایی گەییشتنە مناردەو مینبەری مزگەوتەکانو خەڵکی توندترین هەڵوێستی شارستانیانەیان پیشاندا.

هەر لەدژی ئەم کارە یەکێتی زانایان بەیاننامەیەکی ناڕەزایی بڵاوکردەوە، کە تێیدا بەتوندی ئیدانەی کارەکە دەکات. دەقی بەیاننامەکەیە لە ل٤ بخوێنەوە.

یەکێتی زانایان داوا دەکات لە گەرەکە نوێیەکان حکومەت زەوی بۆ مزگەوت دابین بکات

لەنووسراوێکدا کە بەژمارە (١٤٣)و لەرۆژی ٢٠١١١/٣/٢٩ بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەوانە کراوە، یەکێتی زانایان داوای کردووە، کە حکومەتی هەرێم پلانی هەبێت لەکاتی دابەشکردنی زەوی بۆ گەرەکە نوێیەکان، شوێنی مزگەوتیش دیاری بکات، هەروەك چۆن نەخشەی قوتابخانەو بنکەی تەندروستیو باخچەی ساوایان دادەندرێت.

لەبەشێکی نووسراوەکەدا هاتووە: تکامان وایە رێنمایی پێویست دەربکەن بۆ وەزارەتی شارەوانی، کە لەکاتی زەوی دابەشکردنو کێشانی نەخشەی شارەوانی شوێنیکیش بۆ مزگەوت تەرخان بکرێت، وەك چۆن بۆ بنکەو قوتابخانەو شوێنە خزمەتگوزارییەکانی تر تەرخان دەکرێت.

ئەمە لەکاتێکدا زۆرێك لەگەرەکە نوێیەکان بەهۆی نەبوون یان دووری مزگەوتەوە کێشانی بۆ دروست بووەو ناتواندرێ دواتر جێگەی دروستکردنی مزگەوتی بۆ بکرێتەوە، بۆیە ئەو داوایەی یەکێتی زانایان هەنگاوێکی باش دەبێت بۆ نەهێشتنی ئەو کێشەیەو خزمەتی زۆریش بە خەڵکی شارو گەرەکە نوێیەکان دەگەیەنێت.

مەلا عیماد گوانی: ئیجازەی مەلایەتی هەڵەی مێژوویی تێدایە!! ل » ٢

یەکێتی زانایان ئیدانەی هەرەشەکردن لە مامۆستایانی ئاینی دەکات ل » ٤

مولازم سالار: سیستەمی هاتووچۆ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە ل » ٥

د. حەسەن خالید موفتی: دیاردەی گەشتیاری بۆ هەرێمی کوردستان چەند سەرنج و تێبینیەك ل » ٧